# 8ی مارس ڕوانگەی نایەکسانی و پیاوسالارانەی گۆمەڵگای سەرمایەداری جیهانی سەبارەت بە هاوسەنگکردنی مافەکانی ژن و پیاوەی ئاوەژوو کردەوە.

ن: سەعید ئەمانی

ڕۆژی 8ی مارسی هەموو سالێك ئاهەنگ و ڕێ و ڕەسم و کۆڕ و کۆبوونەوەی جۆراو جۆر لە زۆربەی کۆشە و قوژبنەکانی دنیادا بەرێوەدەچێ، و تەنانەت گەلێك ڕێ پێوانی گەورە و بەرین و کەمپەینی بەرچاو دەکەوێتەرێ.

گشت ئەم حەرەکەتانە بۆ یادکردنەوە و پیرۆز ڕاگرتنی یاد و بیرەوەری خەباتگێرانەی ئەو کۆمەڵە ژنەیە کە بە فیداکاری و لەخۆبردوویی، ئاستی خەبانی ژنانی زۆر لێکراویان گەیاندە قۆناغێکی بەرز و لاپەڕەیەکی مێژوویی نوێیان هەڵدایەوە.

لەڕۆژی 8ی مارسی 1875 دا کرێکارانی ژنی کارخانە پارچە چنینەکانی شاری نیۆیۆرك ی ئامریکا دژ بە هەل و مەرجی دژوار و تاقەت پڕوکێنی کار و کرێی نایەکسان لە نێوان کاری ژن و پیاو دا دەستیان دایە ناڕەزایەتی دەربڕین، کە لە گەڵ دژکردەوەی توند و قین لە دڵانەی پۆلیس و پارێزەرانی نەزمی نامرۆڤانەی نیزامی سەرمایەداری دا بەرەورووبونەوە. هاوشێوەی ئەو هەڵس و کەوتەی لەو ڕۆژەدا لەگەڵ ئەوان کرا ڕووبەرووی ئەو ژنە کرێکارانەش بووەوە کە لە سالی 1907و لە ڕۆژی 8ی مارس دا بە داواکاری: 10کاتژمێر کار لە ڕۆژ دا دەستیان دایە خۆپیشاندان و ڕێ پێوان.

لە ساڵەکانی دواتر دا و تا بە ئەمرۆ ئەم ڕۆژە، ساڵیانە یادی دەکرێتەوە و ڕێز دەگیرێ لە خەبات و گیان بازی ژنانی سەر قافڵەی ئەو خەباتە.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە دەستکەوتی دەیەکانی سەرەتای یاد کردنەوەی ڕۆژی 8ی مارس گەلێك بەرچاو و حاشا هەڵنەگرن. هەرساڵە وێرای دەستەبەر کردنی ویست و داواکارییە کانیان و چەسپاندنی ئەو دەستکەوتانە، بەرنامە و پرۆژەی نوێیان لەو ڕێ و ڕەسمانەدا هێناوەتە گۆرێ و کردویانەتە بەرنامەی کار و تێکۆشانی یەك ساڵی داهاتویان، و بە بەرنامەوە بەرەو دەستەبەر کردنی

Created using easyPDF Printer
Click here to purchase a license to remove this image

بەرە بەرە و هەرچی زیاتری ویست و داوا بەرحەقەکانیان هەنگاویان ناوە. ئەوەی ئەمرۆ ژنان لە ئاستی دنیادا بوونەتەخاوەنی، سەمەرەی ئەو هەوڵ و خەباتە نەپساوە و ماندونەناسانەیە.

حاشا لەوە ناکرێ کە مافە مسۆگەر کراوەکانی ژنان لە ئاستی جیهانی دا کەم نەبوون، بەڵام بە تێپەڕبوونی زیاتر لە سەدەیەك بە سەر مێژووی سەرهەڵدانی خەباتی ڕەوا و شێلگیرانەی ژنان، بە پاڵپشتی پیاوانی ئازادی خواز و بەرابەری تەڵەب و بەرەی چەپ و کومونیستی، کە لە شێگیرترین پشتیوانان و داکۆکی کاران و خوازیاری یەکسانی نێوان ژن و پیاو و گەیشتنی ژنان بە مافە ڕەوا و ئینسانیەکانیان بون، ئەم دەستکەوتانە کەم دەنوێنن، و دەبوو تائێستا کێشەیەك بەناوی پێشێلکرانی مافی ژن، داواکاری بەرابەری ژن و پیاو و زوڵم و زۆرداری بەرانبەر بە ژنان و ژێردەستە هێشتنەوەی لە ئارادا نەبوایە.

بە بڕوای من، لەم دواییانەدا بەشێك لە بزوتنەوەی لایەنگری مافەکانی ژنان ساڵیانە تەنیا حەرەکەتێکی بەرگری کارانە لە خۆیان نیشان ئەدەن. لە ڕۆژی 8ی مارس دا تەنیا ڕێ و ڕەسمێکی ڕوتین و بێ ڕۆح بەرێوەئەبەن، پێداچونەوەیان بە مێژووی خەباتی ساڵانی ڕانردویان دا کەمە، چون بە بێ پرۆژە ساڵی ڕابردویان بەرێ کردوە و بەرنامەیەکیشیان بۆ ساڵی داهاتوی خۆیان و ڕێکخراوەکەیان لەبەر دەست دا نیە. هەرچەند لەباری چەندایەتییەوە ڕێکخراوەکانی داکۆکی کار لە مافەکانی ژن زۆرن، بەڵام لە باری چۆنایەتییەوە نەیانتانیوە ببنەگوشار لە سەر لایەنی پێشێل کاری مافی ژن. هەل و مەرجەکە بە ڕادەیەك نالەباربوە کە دەسەڵاتدارانی نیزامی سەرمایەداری ڕۆژانە بە ئاشکرا و بەشێوەی جۆراوجۆر، وەك گوشار بۆهێنان، فریو و ڕیاکاری لە ڕێگای نێوەند و دەستگا کۆنەپەرست و ئاینیەکانەوە، وەك ئەوەی باوەشی دایك ئەمنترین پەناگە و باشترین شوێنی پەروەردە کردنی مناڵە، و داوا لە ژنان دەکرێ بگەرێنەوە کونجی ماڵ و باڵ بەسەر بنەماڵەدا بکێشن، تا هەم خۆ لە دابین کردنی مەهدی کودەك و دایەنگە بۆ منالان بدزنەوە، و هەم داواکاری دابین کردنی کار و دەرامەد و شوێنی حەوانەوەی گونجاو بۆ ژنیان، وەك نیوەی هێزی کاری ئەم کۆمەڵگایە، لە کۆڵ بێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە بیانکاتە لەشکرێکی هێزی کاری پاشەکەوتە بەرانبەر بە هەر بزوتنەوەیەکی کرێکاری و داخوازییەك کە ویست و داواکارییەکانی بردنەسەری حەق دەستی کرێکاران، باشتر کردنی هەل و مرجی ژیان، ئەمنتر کردنی شوێنی کار و ژیانی کرێکاران و کەمکردنەوەی ساعاتی کارە.

پێویستە ئەم ڕاستیانە سەرنجی جیدی بدرێتێ و بزوتنەوەی ژنان و بەرەی ئازادی خواز و بەرابەری تەڵەب لە 8ی مارسی ئەم ساڵ دا وێڕای بەرێوەبردنی هەرچی بەشکۆتری ئەم ڕۆژە، بیشیکەنە شوێنی ئیرایە و هێنانە گۆری بەرنامە و پرۆژەی ڕادیکاڵ و چینایەتی و لێك هەڵپێکانەوەی خەباتی ژنان بۆ

Created using
easyPDF Printer
Click here to purchase a license to remove this image

دەستەبەرکردن گشت مافە زەوتکاوەکانی و بزوتنەوەی کرێکاری. بەلێك جۆشدانەوەی ئەم دوو بزوتنەوەیەیە کە ئەتوانین دوورنمایەکی روون و گەش بۆ داهاتوی بزوتنەوەی ڕادیکاڵی ژنان بێنینە بەر چاو، لەحاڵەتی تەدافوعی بێتەدەرێ و ببێتە هێزێکی هێرش بەر.

**پیرۆزبێت یادی 8ی مارس**

**سەرکەوێ خەباتی زۆرلێکراوان و ژێردەستان.**

Created using easyPDF Printer
Click here to purchase a license to remove this image